## دێڤید بیکام داخوازە بچێتە دونیای سینەماوە ... ئەنور خەراجیانی



ڕژنامەیەکی بەریتانی بە ناوی (سەندەی میرۆ) بڵاوی کردەوە کاپتنی هەڵبژاردەی پێشووی ئینگلترا دێڤید بێکام داخوازە بەشداری فیلمیکی سینەمای بکات کە گێڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانە بێکام لەم فیلیمەدا دەوری سەربازێکی بەریتانی دەبینێ فیلیمەکە بە ناوی (هێمنی جەژنی سەری ساڵ) ئەم فیلیمە باس لەو ماوەکورتەی شەڕ ڕاگرتنی جەنگی جیهانی یەکەم دەکات لەسەری ساڵی 1914 دا لە نێوان هەردوو لایەنە شەڕکەرەکەدا بۆ ئەم سەری ساڵە و ڕاگرتنی شەڕ بڕیاریان دا کەوا یاری تۆپی پی بکەن لە نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا لەسەر سنووری ڕۆژ ئاوای ئەڵمانیا دا تیایدا دێڤید بێکام تەمەن 31 ساڵ دەوری یەکێك لە یاریزانە بەریتانیەکان دەبینێت کە لەم یاریەدا سەربازە یاریزانەکانی بەریتانیا سەر دەکەون بەسەر تیپی سەربازی ئەڵمانیا دا، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی دەرهێنەری ئۆکرانی (فادیم بیرلمان) کە لەوەو پێش فیلمی (ماڵی لم و تەم) ی دەرهێناوە لە ساڵی 2003.
وا چاوەڕوان دەکرێت کە فیلیمی هێمنی (هدنە) ئامادەبێت بۆ بڵاو بوونەوە لەکاتی جەژنی لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح لە ساڵی 2008.

ئامادەکردنی
ئەنور خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.